www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-8-2006 14:25

تابلۆیەک لەڕەنگی پێش هەڵوەرینی گەڵایەک.. زنجیرە (7) ... ئارام قەرەداغی

Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram

ئێوارانێك كە پیاسەی ناو باغاتەكانی عەدەن دەكەم
حۆریەك دەبینم و غەمبارتر دەبم
ڕوبارێكی شیر بەبەردەممدا تێدەپەڕێ و
زیاتر قورگم وشك دەبی
ئەو هەموو لۆلوئە هوموو غیلمانە
چ گاڵتە جاڕییە كە لەبەرچاوی من

سەیركە ئەزیزم... ئێوارەیەك كە لەبەهەشتا تەنها تەنها بەناو ئەو هەموو باغاتانەدا پیاسەیەك دەكەم كە جممەی دی لەتەنهایی قوڵپ ئەدا لەحوزن، سەیر ئەو موسیبەتانەكە كە ئێمە لەگەڵیاندا دەژین.. لەو ئێوارەیەدا حۆریەك كەشەڵاڵی ڕوكەشە بەبەردەممدا تێدەپەڕێ.. ڕەنگە من لەمەینەتیدا بمرم.. ڕەنگە هەر لەدەركەوتنی ئەودا دڵم بڵێی ئیدی بەسە ئەم هەموو لێدانە بەردەوامە ئیتر منیش پێویستم بە وەستان هەیە ئاه.. ئێمە بەبینینی ئەو حۆریە بۆمان دەردەكەوی كە ئێمە چەند بچوكین.. كە ئێمە چەند مەحرومین.. وای ئەزیزم ئێمە هەر بەو دەردی بچوكیەی خۆمانەوە دەمرین و چاك نابینەوە، لەناو ئەو باغاتانەدا ڕوبارێكی شیر بەبەردەممدا تێدەپەڕی و قورگی من شەقار شەقارە بەزوخاوەكان ئاه.. كەمن ناتوانم یەك قومیشی لێبخۆمەوە، سەیركە.. ئێمە چەند تینو ترین لە جاران، سەیركە ئەزیزم.. ئەو لۆلوئو غیلمانانە كە لەبەهەشتدا دێن و دەچن بزانە چ گاڵتە جاڕیەكن بۆ ئێمە.. ئێمەیەك كەنازانین یەك ڕەنگی بەختەوەری چۆنە.. یەك دەنگی سرور ناناسینەوە، سەیركە... چەند بەد بەختی دەبی گەر گاڵتەجاڕیمان بەو شتانە نەیەت، سەیركە گوڵم.. سەیركە...

دوای كوشتنی خۆم
من لەوی بەسەر سیراتدا تێناپەڕم
چونكە لێرە هەزاران جار بەخەمی سیراتەكانی تۆوە مردووم
ترسم لەوەیل نەماوە
چونكە من سەقەری ڕق گۆشی كردوم

ئێمە خەمی چیمان هەبیچ، ئێمە لەچی بترسین لەكاتێكدا خەم نەماوە یەخەی نەگرتبێتین.. لەكاتێكدا ترس نەماوە بەچەندەها ڕۆژ لە ئامێزمانا نەمابێتەوە، من لەوی بۆ لەسیرات بترسم یاخود بۆ بەسەر سیراتدا تێپەڕم، كە لێرە ڕۆژ نی یە هەزاران جار لەسیراتەكانی یەكتریدا ئەكەوینە خوارەوە، ڕۆژ نی یە ئێوارە كەچوینەوە ماڵ باوەشێك لە جەهەنەم لەگەڵ خۆماندا نەبەینەوە.. ئیدی من چەند جار بەسەر سیراتدا بڕۆم.. من چەند جار بكەومە خوارەوە.. چەندجار تەمەننای پەڕینەوە بكەم.. چەند هەزار جار خەڵوەت بمخوات بۆ ئەو ڕۆژەی كە وجودی نی یە.. ئەو ڕۆژەی كەمن دە پەڕمەوە ئیدی بۆ.. بۆ.. بەسەر سیراتدا تێپەڕم.. بۆ.. من لە كامە جەهەنەم بترسم.. گەرمای كامە وەیل بم سوتێنێت لەكاتێكدا كەمن ڕۆژی هەزارەها جار لەناو وەیلەكانی تۆدا چاڕۆكەیەك دەردەهێنم و دەی خەمە دەمی

ئاگرەکانەوە.. فڕێی ئەدەمە ناو خۆڵەمێشەکانەوە.. ئەو هیوایانەی کەهەر دەبی ببن بەخۆڵە مێش، من دەزانم گەر لەبەهەشتیشەوە بڕۆم هەر سەر لە جەهەنەمەوە دەر دەکەم.. ئیدی بەس نیە هەڵ لەرزین لەترسی وەیل و سەقەرو زەمهەریر، سەیرکە... ئێمە چەند چاو نەترسترین لەجاران، سەیرکە...
لە بەهەشتدا.. نیوەڕۆیەك کەخۆر دەرنەکەوتووە

دەمەوی شیعر بۆ ئەو هەموو تەنهاییە بنوسم
شیعر بەسەر تاراوگەی بەهەشت و
دوری لە تفەکانی ئێرە بنوسم

سەیری ئەو ئێوارە نەعلەتیە بکە کە ئێمە لەبەهەشتداین و گەمژەیەتی دامان دەگری، دەمانەوی شیعر بنوسین، ئێمە ئەو ئێوارەیە هەر لە نیوەڕۆوە کە بینیمان وەك ڕۆژەکانی دنیامان خۆر دەرنەکەوتووە وەك ئەو ڕۆژانەی کەلەدنیابوین و بە ئاواتی هەڵهاتنی خۆرێکەوە بوین و هەر دەرنەکەوت بۆیە بە ئومێدی بینینی ڕەنگی خۆرەوە سەرمان نایەوە، ئەو نیوەڕۆیە.. ئەو ئێوارەیە کە حاڵێکی دەروێشانە دای گرتوم و دەمەوێت شیعرێك.. پەخشانێك.. هەندێك قسەی قۆڕ بنوسم، سەیرکە... چ نەهامەتیەکە من لەوی ناتوانم شیعرێك بنوسم باسی چاوی ئەو هەموو حۆریە بکات کەلەناو قەسرە شوشەییەکاندان، بەڵی ئەزیزم لەوی شیعرێك دەنوسم تەنها ترە لەخۆم.. تەنها ترە لە ئێوارەکانی دنیام.. تەنها ترە لە ڕۆژی لەدایك بونم.. سەیرکە... چ شیعرریکی تەنها دەنوسم... شیعرێك دەنوسم بەسەر ئەم مەنفا حەتمی یەی بەهەشتدا کە ئەمەل بڕاو بووم لەکۆتایی هاتنی و ئیدی تەواو نابی، سەیرکە... شیعر بەسەر چ نەهامەتیەکدا دەنوسم، زۆرجار دەڵێم بریا قەت نەم توانیایە هیچ بنوسم.. من لەدوای ئەو هەموو تەنهاییەوە شیعر بەسەر ئەو هەموو ڕسواییەی دنیا دەنوسم.. شیعر بەسەر ئەو هەموو تفەدا دەنوسم کەلەدنیا دەبارین بەسەرمانا، تفەکانی باوکم کەبۆنی دوکەڵی جگەرەی لێدەهات.. تفەکانی مامۆستا کەبۆنی بێزاری لێدەهات.. تفەکانی تۆ کە بۆنی نائومێدی لێدی، سەیرکە...